## ئەویندار بوون باشترە لە بێ ئەوینی – بەشی (٢٥)

کاتێک دانێ هاتەوە ماڵێ کۆخە دووبارە هێرشی بۆ هێناوە.
«ئوفە»سینییەک قاوە بە دەستەوە بەرەو پلیکانەکان دەهات. وادیار بوو کە نارەحەتە!
لە دانێی پرسی «چۆنی و چ دەکەی؟»



دانێ پاکەتێکی چکۆلەی بە دەستەوە مابوو. هەڵێ هێنا و گوتی«هەر ئەم پاکەتەم ماوە، نازانم لە کوێدا بیشارمەوە . . .»

«ئوفە» سینیەکەی وەلا نا و گوتی«خەمت نەبێ وەرە . . .»

دانێ وەدوای کەوت. پێکەوە بە ئەسپایی چوونە ژووری خەوەکە. ئوفە بە سرتە و بە ئاماژە گوتی«ئە، لێرە بیشارەوە!»

دانێ پرسی «ئێوە بۆ بە سرتە قسە دەکەن؟» ئەمجار ڕۆیی پاکەتەکە لە نێوەڕاستی وەتاقەکەدا فڕێدا!

ئوفە دووبارە بە سرتە گوتی «ئەوە چ دەکەی، ئاوا ناشاردرێتەوە! بەو جۆرە ئێلا فرێدا زوو پێی دەزانی. دەبێ وای بشارییەوە کە ماوەیەک لێی بگەڕێ پاکەتەکەی لە دانێ وەرگرت و بە جۆرێک کە لە بەر چاو نەبێ نایە ژێر تەختەکە. و هێواشەکی درگاکەی پێوەدا. ڕووی کردەوە دانێ و گوتی «ئێستا بە ڕاکردن بچۆ بە دوای ئێلا فڕیدا دا. نازانم ئەو کچە بۆ نایە. . .

بەردەوامە